گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# توانستە زمانییە درکییە جۆراوجۆرەکان ـ چەمک و پێکهاتە و کاراکردنیان

**پ.ی.د. عمر محمود کریم**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
omar.mahmood@koyauniversity.org

**د.بنار عبدالجبار جمیل**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Bnarjabar33@gmail.com

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٦/١٤
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١١/١٦
بڵاوکردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**وشە سەرەکییەکان**
*Competence, Performance, Communicative Competence, Pragmatic Competence, Cognative Comptence.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.12

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (توانستە زمانییە درکییە جۆراوجۆرەکان – چەمك و پێکهاتە و کاراکردنیان)ە، هەوڵدراوە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی توانست به زمانی کوردی بناسێنرێن. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە. سروشتی کارەکەش وایخواستووە، کە توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی بکرێت: بەشی یەکەم زیاتر بەشێکی تیۆرییە، کۆمەڵێك چەمك و زاراوە و بابەت ڕوونکراونەتەوە، بەشی دووەمیش، بەشێکی پراکتیکییە و تێیدا باسی چۆنیەتی بەیەکەوەهاتن و کارلێکی نێوان توانست و تواناکان کراوە و نمونەیان بە زمانی کوردی بۆ هێنراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەكی :

لە چەند دەیەی ڕابردودا توێژەران و زمانەوانان زیاتر گرنگیان بە زمان و ئاستەکانی زمان داوە، تەنانەت سۆسێریش کە بە ڕابەری زانستی زمان دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازی لەنێوان زمان (Langue)و ئاخاوتن(Parol )دا کردووە، بەڵام زیاتر گرنگی بە بونیادی زمان داوە. کەچی لەم چەند دەیەی دوایدا توێژەرانی بواری ڕێزمانی ئەرکی و پراگماتیکناسەکان و زمانەوانانی درکی زیاتر گرنگیان بە بەکارهێنانی زمان داوە. دیارە یەکێکیش لەو بابەتە نوێیانەی کە بووەتە جێی بایەخی توێژەران، توانستە.

خودای گەورە کۆمەڵێك بەهرە و توانست و توانای عەقڵی و زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە لە کردەی پەیوەندیکردندا بەکاریاندەهێنێت. توێژەران زاراوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم توانست و توانایانە بەکارهێناوە، وەك توانستی زمانی، توانستی ئاخێوەر، توانستی پەیوەندیکردن، توانستی کۆمەڵایەتی و توانستی پراگماتیکی، توانستی درکپێکردن... .

بە بۆچونی ئێمە زاراوەی توانستی پراگماتیکیی درکی زۆربەی زاراوەکانی سەرەوە دادەپۆشێت، بۆیە دەکرێت لەجیاتی زۆربەی زاراوەکان، زاراوەی توانستی پراگماتیکیی درکی بەکاربێت، چونکە پراگماتیك خۆی بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە کونتێکستی جیاجیادا.

توانستی پراگماتیکی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە و ڕا و بۆچونی جیاوازی لەسەر هەیە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بە نمونەوە پێکهاتەکەی ڕوونبکەینەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هەرچەندە بابەتی توانست وەکو بابەتێکی گشتی و تیۆری دێتەبەرچاو، بەڵام ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، کە پێکهاتەکەی ڕوونبکەینەوە، پاشان بە قسەکەری کورد نمونەی بۆ بهێنینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی( پەسنی شیکاری) ئەنجامدراوە.

### پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، وەک:

١-ئایا ئاخێوەرانی زمان لە کردەی پەیوەندیکردندا چۆن زانیاریی ئاڵوگۆڕدەکەن؟

٢-ئەم توانست و توانایانە چین کە ئاخێوەرانی زمان لە کردەی پەیوەندیکردندا بەکاریاندەهێنن؟

٣-ئەم توانستانە چۆن ڕێکخراون و چۆن لەگەڵ یەکتری بەکاردێن؟

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا، کە زیاتر بەشێکی تیۆرییە، کۆمەڵێك چەمك و زاراوە و بابەت ڕوونکراونەتەوە، وەکو: توانستی ئاخێوەر، توانستی پراگماتیکی، توانستی پەیوەندیکردن، پێکهاتەی توانستی پراگماتیکی: توانستی زمانی، توانستی لۆجیکی، توانستی درکپێکردن، توانستی کۆمەڵایەتی... .

بەشی دووەمیش، بەشێکی پراکتیکییە و تێیدا باسی چۆنیەتی بەیەکەوەهاتن و کارلێکی نێوان توانستەکان کراوە و نمونەیان بۆهێنراوەتەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## ١- چەمکە بنچینەییەکانی توانست

### ١-١. توانست ( Competence):

چۆمسکی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردودا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە و چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ داناوە، بەڵام لەڕاستیدا زۆر پێش چۆمسکی باسی ئەم بابەتە کراوە، بۆ نمونە ئەرستۆ پێش زایین دەڵێت: " مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە "، واتە ئەرستۆ مرۆڤ بەوە لە گیانلەبەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، کە توانای قسەکردنی هەیە. ئیبن خەلدونیش لەسەدەی چواردەی زاییندا باسی ئەم بابەتەی کردووە و بە توانستی سروشتی زمان( الكفاءة اللغوية الطبيعية) ناوی بردووە، لەوەدەچێ ئەم بۆچوونەی ئیبن خەلدون لە ژێر کاریگەریی قورئانی پیرۆزدا بووبێت، بەتایبەتی ئایەتی" الرحمن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

علم القرءان وخلق الانسان علمه البيان" ( سورة الرحمن: ٥٣١). ئیبن خەلدون گرنگی بە توانست و چالاکی(ئاخاوتن) داوە ( S.H. Assubayii, 1995: 298 ).

توانستی ئاخێوەر بریتییە لە توانای قسەکەر بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی و ڕێسابەند، کە توانستێکی هاوبەشە لەنێوان سەرجەم ئاخێوەرانی زمانەکە. چۆمسکی زاراوەی چالاکی/ توانا ( Performance ) بۆ کاراکردنی توانست بەکارهێناوە (Chomsky, 1965:3-4 ) .

مەبەست لە توانست ئەو زانیارییە زمانییانەیە، کە لە مێشکی ئاخێوەراندا هەیە، توانست نابەرجەستەیە، واتە نەدەگوترێت، نەتۆماردەکرێت، توانست بەو توانایە دەگوترێت، کە ئاخێوەران هەیانە بۆ پێکەوە گرێدانی دەنگەکانی زمان بە واتا، ئەمەش بەپێی ئەو یاسا ڕێزمانییانە دەبێت، کە ئاخێوەرانی زمانەکە قسەی پێدەکەن. بەواتایەکی دیکە توانست بریتییە لەو زانیارییانەی قسەکەر لەبارەی زمانەکەی بە سەرجەم ڕێسا هۆشەکییەکانی مێشکییەوە بەدەستی دێنێت، ئەم ڕێسایانەش پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا بەرهەمدێنن و ئەنجامەکەشی ژمارەیەکی ناکۆتا لە ڕستە دەبێت.

خودا توانستی بە مرۆڤی بەخشیوە بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت و قسەی پێبکات، بەڵام ئاخێوەری هەر زمانێك بەپێی ئەو ژینگە کومەڵایەتییەی کە تێیدا گەورە دەبێت، قۆناغ بە قۆناغ فێری ئەو زمانە دەبێت.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین، ئاماژە بەوەش بدەین، کە ئاخێوەری خوێندەوار و نەخوێندەوار توانستی زمانییان هەیە، هەروەها توانست زیاتر لەو زارە، یان شێوەزارەدا هەیە، کە ئاخێوەر قسەی پێدەکات. چۆمسکی توانستی بە عەقڵ و سینتاکسەوە بەستۆتەوە، زانیارییە زمانییەکان(توانست)، کە لەمێشکی ئاخێوەرانی هەر زمانێکدا هەڵگیراون، چەند جۆرێکن:

١- توانای ڕۆنانی وشە و ڕستە و چۆنیەتی گۆکردنیان.

٢- توانای جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی، ڕێزمانیەتی ڕستە بریتییە لە خۆبەستنەوە بە بنەما و یاساکانی زمانەکە و پەیڕەوکردنیان لە بەرهەمهێنانی ڕستە ڕۆنانی ڕێزمانیدا، بۆ نموونە:

**(١) من ئێوە باش دەناسم.**

**(٢) *دەناسم من ئێوە باش.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی دەزانێت، کە ڕستەی (٢) نارێزمانییە، چونکە لە زمانی کوردیدا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە بەم جۆرە ڕیزدەبن: بکەر لە سەرەتای ڕستە دێت و کرداریش دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، ئەگەر کرداری ڕستەکەش تێپەڕ بێت، ئەوا بەرکار دەکەوێتە نێوان بکەر و کردارەوە. ڕێزمانیەتیی ڕستە پلەی هەیە، لەوانەیە پلەی ڕێزمانیەتی ڕستەیەك لە ڕستەیەکی دیکە بەرزتر بێت، هەروەها زۆرجار ڕێزمانییەتی ڕستە دەبەسترێتەوە بەو زارە، یان شێوەزارەی کە ئاخێوەر قسەی پێدەکات، بۆ نمونە:

**(٣) من دەچمە بەغدا.** ( ئاخێوەری شێوەزاری سلێمانی )

**(٤) من دەچمە بەغدایێ.** ( ئاخێوەری شێوەزاری هەولێر )

دیارە هەردو ڕستەکە ڕێزمانین، بەڵام ئاخێوەری سلێمانی لەبەر چەند هۆکارێکی وەك ئەوەی کە لە زمانی ستاندەرەوە نزیکە، لەوانەیە ڕستەی (٣)ی پێ پەسەندتربێت، کەچی ئاخێوەری شێوەزاری هەولێری ڕستەی چوارەم یانی لا پەسەندترە.

٣- توانای جیاکردنەوەی ڕستەی لێڵ لە ڕستەی ڕوون... .

٤- توانای پەیبردن بە پەیوەندارییێتی هەندێ ڕستە، بۆ نمونە:

**(٥) أ- من ئێوە خەڵات دەکەم.**

**ب - خەڵاتتان دەکەم.**

ئاخێوەرانی زمانی کوردی پەی بەوە دەبەن، کە ئەم دوو ڕستەیە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و یەك واتایان هەیە، بەپێی یاسا ڕستەی(٥-ب) لە ڕستەی(٥- أ) سازکراوە و بووە بە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکس.

٥- توانای پەیبردن بە ڕۆڵی ڕێزمانی کەرەستەکانی ڕستە، واتە کامیان بکەرە و کامیان بەرکارە... تد.

## ١-٢. توانستە زمانییە درکییەکان

### ١-٢-١. توانستە بنەڕەتییەکان

### ١-٢-٢. توانستی درکپێکردن

قوتابخانە زمانەوانییەکان تێڕوانینی جیاوازیان بۆ زمان و توانستی زمانی هەیە، بۆ نمونە چۆمسکی پێیوایە توانستی زمانی خۆڕسکە، بەڵام بەپێی زانستی زمانی درکپێکردن زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە و... کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانەوە دروستدەبێت (قادر، ٢٠١٢، ٨٥).

((زانستی زمانی درکپێکردن، وەک قوتابخانەیەکی ناوەندی لە زانستی زماندا ڕۆڵدەگێڕێت، چونکە لەلایەکەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ( زمان دیاردەیەکی ئاوەزییە) بەهەند وەردەگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە( ئاوەزمەندێتی زمان) لەسەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە، کە بە توانا درکپێکراوەکانی دیکەی مرۆڤ دەناسرێن، وەک بیر، زیرەکی، هەستەکان...)) (غەریب، ٢٠١٦: ٦) .

زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی بە کۆزانین دەدات، یەکێک لە ڕێگە سەرەکییەکانی کۆزانینش زمانە، زمان ڕەنگدانەوەی پێداویستی و تێڕامان و شارەزاییە تاکگەرایی و کولتوورییەکانی مرۆڤە، کۆزانین لە سێ ڕەهەندی پەیوەندیداری( ئاوەز ، زمان و شارەزایی) سەرچاوەدەگرێت، لە زانستی زمانی درکپێکردندا، زمان وەکو ئامرازێک وایە بۆ ڕێکخستن و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیاری... (قادر، ٢٠١٢: ٧٨).

بەکارهێنەرانی زمانی سروشتی لەڕێگەی دوو کەناڵ، یاخود دوو تێکردەوە کۆزانیارییەکانیان بەدەستدێنن، کە بریتین لە تێکردەی ناوەکی و تێکردەی دەرەکی، تێکردەی ناوەکی کە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و دونیابینی و ئەزموون و تێگەیشتنەوە دەبێت و تێکردەی دەرەکیش لە ڕێی پێنج هەستەوەرەکەوە دەبێت. دواتر ئەم زانیاریانە ڕێکدەخرێن و لەشێوەی گەنجینەیەک لەناو مێشکدا دەپارێزرێن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا و بەهۆی دروستەی زانیارییەوە بەکاریان بهێننەوە، ئەو زانیاریانەی کە لەڕێگەی توانستی درکییەوە بەدەست دێن، گەنجینەیەکی گەورەیە و بەردەوام لە زیادبووندایە. توانستی درکی لەلای هەموو قسەکەرانی زمان وەکو یەک نییە، چونکە قسەکەران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕووی ڕۆشـــنبیری و ئاســـتی خوێندەواری و تەمەن...تد وەکو یەک نین و لەیەکتر جیاوازن. ئەم زانیاریانەی کە لەم گەنجینەیەدا هەڵدەگیرێن جۆراوجۆرن، بەم شێوەیە:

زانیاریی گشـــتی و دنیایی، زانیاریی تایبەت بە کولتور، زانیاریی ئایدیۆلۆجی، زانیاریی هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگر...تد.

کردەی پەیوەندیکردن ئەو کاتە ســەرکەوتو دەبێت و ئامانجی خۆی دەپێکێت، کە زانیاریی هاوبەش لەنێوان قســـەکەر و گوێگردا هەبێت. بەپێچەوانەشـــەوە لە هەندێك باردا کردەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن وەکو پێویست سەرکەوتو نابێت.

توانستی ڕێزمانی پەیوەســتە بە توانســتە درکییەکان، توانســتە جۆراوجۆرە بنەڕەتییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بەکارهێنانی زمان هەیە. بۆ نمونە پەیوەندی، بەکاتیگۆریکردن، ئۆتۆماتیککردن، ڕوانگە، خاڵی ئاماژە و خەیاڵکردن .

## ١-پەیوەندیە ڕێکخراوەکان (Association)

خودی سـروشـتی دەربڕینە زمانیەکان وەک بەیەکبەسـتنەوەی ڕەمزی (سـیمبول) ئاماژەیە بۆ توانای ئێمە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکان، واتە توانای ئێمە بۆ پەیوەندیکردن، کە لێرەدا لە بەســـتنەوەی جەمســـەرێکی فۆنۆلۆژی لەگەڵ جەمســـەرێکی واتایدا نیشـــتەجێیە. پەیوەندی گشـــتگیرە و بێگومان دەتوانێت نەک تەنها لەناو دەربڕینێکی زمانەوانیدا بەڵکو لە نێوان دەربڕینە زمانەوانییەکانیشـــدا بەدەستبێت. بۆ نمونە لە مێتۆنیمی **" پاسەکان لە مانگرتندان"**، کە سەرچاوەی مێتۆنیمی (پاسەکان)، پەیوەســـتە بە ئامانجێکی مێتۆنیمی، کە ئاســـان نییە بۆ دەســـتنیشـــانکردن، بەڵام دەتوانین لێی تێ بگەین، کە مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە پاسەکان لێدەخوڕن (Xu, 2021: 32).

## ٢-بەکاتیگۆریکردن (Categorazation)

پۆلێنکردن بە بـاشـــترین شـــێوە وەک لێکـدانەوەی ئەزموون لە پێوەنـدی لەگەڵ چوارچێوە دامەزراوەکانی پێشوودا پێناسە دەکرێت. پۆل بریتییە لە کۆمەڵێک شت کە بە بەراوردکاری دادەنرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ مەبەستێکی دیاریکراو؛ بۆ نمونە، مانای جۆراوجۆری وشەیەک هاوتایە لەوەی کە هەمان وەدیهێنانی فۆنۆلۆژییان هەیە.

ئەو تێڕوانینەی کە پۆلێک بە کۆمەڵێک سیفەتی پێوەرییەوە پێناسە دەکرێت، واتە مەرجی پێویست بۆ ئەندامێتی چینایەتی، لە مێژە زاڵ بووە. ئەم پارادایمە لە واتاسازیی ڕاستی- مەرجدا گریمانە دەکرێت، کە ئامانجی تایبەتمەندکردنی مانا بە شێوەیەکی بابەتیانە و سەربەخۆیە لە چەمکسازی و پرۆسێسی درکی مرۆڤ. پۆلێنکردن لەسەر بنەمای بارودۆخی پێویست لە ڕێزمانی درکیدا لە ڕووی هزرییەوە ناڕاستەقینە. توێژینەوەکانی ئەم دواییە لەلایەن دەروونناسەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پشتگیری لە دیدێکی جێگرەوە دەکەن: ئەندامێتی لە پۆلێکدا بە لێکچوونی هەستپێکراوی نمونە تایبەتەکان لە پۆلێنکردنی نمونەی سەرەتاییدا پێناسە دەکرێت. پۆلێنکردن دەبێتە بابەتی بۆچوونی مرۆڤ و نابێت هیچ سیفەتێک لەلایەن هەموو ئەندامانی چینەکەوە هاوبەش بێت. بەپێی زمانەوانیی درکی، ماناکان بریتین لە پۆلێنە چەمکییەکان کە لەلایەن پێکهاتەیەکی ناوەندییەوە پێناسە دەکرێن، کە نمونەی سەرەتایی و هەموو جۆرە درێژکراوەیەک لە نمونەی سەرەتاییەوەیە(Xu, 2021: 34).

### ٣-ئۆتۆماتیککردن(Automatization)

ئۆتۆماتیکیکردن هەمان ئەو پرۆسەیە کە لە کاتی فێربوونی پێڵاولەپێکردن، یان خوێندنەوەی ئەلفوبێدا ڕوودەدات؛ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بە تەواوی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە، یان پرۆڤەوە فێر دەبێن تا ئەو ڕادەیەی کە بەکارهێنانی بەبێ ماندووبوون ڕوودەدات و پێویستی بە هیچ چاودێرییەکی درکی نییە. لانگاکەر ڕێزمان بەم شێوەیە تایبەتمەند دەکات، کە "داهێنەرێکی پێکهاتەیی یەکە زمانەوانییە ئاساییەکان". مەبەستی لە یەکەکان چوارچێوەیەکە کە قسەکەربەجۆرێک شارەزا بووە تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەکاری بهێنێت بەبێ ئەوەی سەرنجی لەسەر بەشە تاکەکەسییەکانی بێت. بۆ نمونە دەنگە بنەڕەتییەکان یەکەیەکن. قسەکەرانی ڕەسەنی هەر زمانێک دەتوانن بەبێ ماندووبوون دەنگەکانی زمانەکەیان بڵێنەوە و" پلەی یەکەیی" بەدەست بهێنن واتە دەتوانن بەبێ هەوڵدان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بیهێننەوە. چەمکە دامەزراوەکان یەکەیەکی مانادارن. لانگاکەر، مەبەستی لە کۆنڤێنشنال ئەوەیە کە ڕێزمان لە لایەن ئەو تاکانەی کە بەو زمانە قسە دەکەن هاوبەشە. لە ڕاستیدا **"یەکە"** زاراوەیەکی تەکنیکییە لە ڕێزمانی

درکیدا. جگە لە وشـــەی لێکزیکالی وەک **"دار"**، یەکەکان پێکهاتەین وەک لێدوانی فرە وشـــەی وەک **"ئەمە ئیتر بەســـە"، "خۆشـــمەدەوێیت"** و دەربڕینی هاوشـــێوەی تر؛ لە ڕێزمانی درکیدا دروســـتی پێکهاتەی دەربڕینێک بابەتێکی ڕێژەیە لەسەر بنەمای کۆنڤینشنال و چەسپاندن، ڕادەی سەریەککەوتن و ئاستی چالاکبوون، ئەگەر بۆ نمونە نەخشە یاسایەک بە باشی چەسپاوە و بە ئاسانی چالاک بکرێت ئەوا بە کۆنڤێنشنال دادەنرێت (Langaker, 2008: 29).

## ٤-ڕوانگە (Construal)

مـانـای دەســـتەواژەیەک بە هەردوو نـاوەڕۆکی چەمکی و شـــێوازی تـایبەت کە ئەو نـاوەڕۆکە لێکدەدرێتەوە و دیاری دەکرێت. پێکهاتە زمانەوانییەکان ناوەڕۆکی چەمکی پێکدەهێنن و ڕوانگە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو پێکهاتە زمانەوانییانە بۆ خستنەڕووی بنیاتنانەوەیەک بە شێوازی جیاواز. ناوەڕۆکەکە لەلایەن مەودا درکیەکانەوە دابین دەکرێت و لێکدانەوە لە لایەن پرۆســـەکانی درکیەوە دابین دەکرێت. لێکدانەوە جیاوازەکانی هەمان ناوەڕۆک چەمکی واتاداری جیاواز دابین دەکەن. ئەم نمونانە بەراورد بکەن:

**(٦) أ- کاوە لە کاروان باڵا بەرزترە.**

**ب- کاروان کورتترە لە کاوە.**

لە ڕوانگەی کۆنباو، ڕســـتەی (٦-أ) و ڕســـتەی (٦-ب) لە ڕووی واتاوە هاوتان، بەو پێیەی لە ڕووی ڕاســـتییەوە یەکســـانن لە بەرامبەردا، زمانەوانیی درکی وا گریمانە دەکات، کە ئەو دوو دەربڕینەی کە زانیارییەکان بە دوو شـێوازی جیاواز کۆد دەکەن، لە ڕووی واتاوە هاوتا نین، بەو پێیەی چەمکسـازی دەکەن هەمان دۆخی بابەتیی بە شـــێوەیەکی جیاواز. لە (٦- أ) دا، کاوە ڕێڕەوێکە، کە بەرزییەکەی لە بەرامبەر خاڵێکی ئاماژەی تایبەتدا باســـکراوە – بەرزی کاروان، بە پێچەوانەوە(٦- ب) کاروان وەک فیگەرێک لێکدەداتەوە، کە باڵای بە بەراورد بە هێمایەکی ڕووداوی – کاوە – بەچەمک کراوە. بەم شـــێوەیە، (٦-أ) و (٦-ب) لێکدانەوە بەدیلەکانی هەمان ئامانجن، دیمەنێک کە لە ڕووی ڕێکخســـتنی فیگەر/گراوند جیاوازن.(Google, 2008) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥- خاڵی ئاماژە(Reference)**

لەم توانایەی کە تایبەت نییە  بە زمان، چەمکساز پەیوەندی لەگەڵ خاڵێ ئاماژە ی" ر" دروست دەکات و وەک  هەنگاوێک بۆ دەستگەیشتن بە ئامانجی "ت" بەکاریدەهێنێت، کە پەیوەستە بە" ر". ئاماژەکە - توانای خاڵی ئاماژە لە ڕووی پانتاییەوە تا ڕادەیەک فراوانە، چونکە دەتوانرێت  بۆ هەر جۆرە پەیوەندییەک بەکار بیت. بۆ نمونە بۆ یادەوەرییەک دەگونجێت کە بەهۆی بۆنێکەوە وروژێنراوە و لانگاکەر بەکاری دەهێنێت بۆ وەسفکردنی دیاردە ڕێزمانییەکانی وەک بنیاتنانی خاوەنداریتی. بۆ نمونە؛ **ئۆتۆمبێلی کاوە**. لێرەدا کاوە وەک خاڵی ئاماژە بەکارهاتووە بۆ دەستگەیشتنمان بە ئوتۆمبێلەکە.

**٦- خەیاڵکردن(Fictivity)**

لە کۆتاییدا باس لە نمونەیەک لە توانای خەیاڵیمان دەکەین، کە بە توانستی خەیاڵیی ناسراوە. چەمکسازی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی جیهان نییە، یان وەرگرتنی ڕاستەوخۆ یان سەربەخۆی هەر دۆخێکی بابەتیی نییە، بەڵکو لەبری ئەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان پشت بە توانا خەیاڵییەکان دەبەستێت. بەم مانایە خەیاڵییە. بۆ نمونە چەمکسازیی بوونەوەرە  خەیاڵکراوەکان لە جیهانی خەیاڵیدا وەربگرە. **"ئەژدیها"** وەک بابەتێکی کولتوری چینی ئاژەڵێکی ڕاستەقینە نییە لە جیهانی فیزیکیدا و بەم پێیەش ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونە جەستەییەکانەوە چەمکسازی بکرێت(Xu, 2021:  261).

بیر لە نمونەی(٧) بکەرەوە:

**(٧) أ- کاوە بە درێژایی دۆڵەکەدا ڕایکرد.**

**ب- ئەم ڕێگایە بە درێژایی دۆڵەکە دەڕوات.**

بۆ ئەوەی (٧- أ) مانای هەبێت، پێویستە بەدواداچوون بۆ جووڵەی کاوە بکەین لە ڕێگەی (بیرکردنەوە یان بابەتییەوە). لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە دەکەین لە ڕێگەی ئەوکاتەی کە  بەکارهاتووە دەگەینە هەر شوێنێک کە کاوە داگیری کردووە بەجۆرێک کە "چەمکی ڕێڕەوێک  لە چەمکی جووڵەی ڕاستەقینەدا بوونی هەیە". کەیسەکانی وەک (٧- ب) لەبری ئەوە هیچ جووڵەیەکی بابەتیی لەخۆناگرن؛ هەرچەندە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرداری جووڵە "دەڕوات "بەکاردێت، بەڵام دیمەنەکە نەجووڵاوە ، کە توانســـتێکی خەیاڵی دەروونی ڕێگەی شوێنە جیاوازەکان سکان دەکات و بەم شێوەیە وەک نمونەیەک لەوەی کە لانگاکەر پێی دەڵێت جووڵەی خەیاڵی ئەژمار دەکرێت (Xu, 2021: 34).

### ١-٣. توانستی پراگماتیکی:(Pragmatic Competence)

پراگماتیک لە یاســـا ئاســـاییەکانی زمان پێکدێت کە لە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی گوتنەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەتی یارمەتی قســـەکەرەکان دەدات ئەو مەرجانە شـــی بکەنەوە کە قســـەکان لە هەندێک بارودۆخدا قبوڵ دەکەن، بۆیە شـــارەزا نەبوون لە نۆرمەکانی گفتوگۆ کە بەشـــدارن لە بەرهەمهێنانی کردارەکانی قسـەکردندا، ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیکردن، شـکسـتهێنان لە ڕەچاوکردنی ئەم پارامێتەرانە دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیکردن یان تێنەگەیشـــتن. بەم پێیە، توانستی پراگماتیکی بریتییە لەو زانیارییەی کە قسەکەر/ گوێگر بەکاریدەهێنێت بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندیکردن، لەوانەش چۆنیەتی ئەنجامدانی کردارەکانی قسەکردن بە سەرکەوتوویی.

لە زمانەوانیدا، توانسـتی پراگماتیکی بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زمان بە شـێوەیەکی کاریگەر لە نێو کۆنتێکســـتێکی گونجاودا. توانســـتی پراگماتیکی لایەنێکی بنەڕەتی توانســـتی پەیوەندیکردنێکی گشـتیترە. ئەم دەسـتەواژەیە لەلایەن جینی تۆماس زانای زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە سـاڵی (١٩٨٣ ) لە وتارێکی زمانەوانی کارپێکراودا بە ناوی "شـــکســـتی پراگماتیکی نێوان کولتوورییەکان" پێناســـەی کردووە بەم شـــێوەیە؛ "توانای بەکارهێنانی زمان بە شـــێوەیەکی کاریگەر لە پێناو گەیشـــتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و تێگەیشتن لە زمانێک لە نێو دەقێکدا". (Domaneschi, 2020, 419)

توانســـتی پراگماتیکی بریتییە لە توانای گەیاندنی پەیامی مەبەســـت لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازیە وردانەی کە لە هەر چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی-کلتووریدا هەن و لێکدانەوەی پەیامی قســـەکەر وەک ئەوەی کە مەبەســـتە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە هەر زمانێک پەیوەندیەکی کاریگەرانە ئەنجام بدات، پێویستە توانستی پراگماتیکی هەبێت (Fraser, 2010: , 15)

چۆمسکی(لە Domaneschi دا ئاماژەی پێکراوە) چەمکی 'توانستی پراگماتیکی ناساند بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێت، کە بەکارهێنەرانی زمان خاوەنی زانیارییەکن کە چۆن ئاخاوتن پەیوەندی بە بارودۆخی تایبەتی بەکارهێنانەوە هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاشـێر(لە Domaneschi دا ئاماژەی پێکراوە) پێیوابوو کە بەکارهێنانی زمان لەسـەر بنەمای دوو جۆری جیاوازی توانسـتی پراگماتیک دامەزراوە: توانسـتی پراگماتیکی زمانەوانی، و توانسـتی پراگماتیکی نا زمانەوانی. توانسـتی پراگماتیکی زمانەوانی تەنیا لەلایەن کۆمەڵێک مۆدیولەوە حوکم دەکرێت، کە دیاردەی پراگماتیکی تایبەت دەباتە پێشـەوە، بۆ نمونە، جۆرە بنەڕەتییەکانی کردەی قسـەکردن (بۆ نمونە، جەختکردنەوە، فەرمان، پرسـیار)، وەرگرتنی نۆرەی گفتوگۆ و... تد. توانسـتی پراگماتیکی نازمانی، بە گوتەی کاشـێر، مۆدیۆلار نییە، بەڵکو گشـتییە، واتە بەسـتراوەتەوە بە سـیسـتەمی درکی گشـتیتر کە تەرخانکراوە بۆ حوکمڕانی هەموو دیاردە پراگماتیکەکان، هەروەها لەسـەر بنەمای زانیارییە نازارەکییەکان دامەزراوە، بۆ نمونە تێگەیشـتن لە کرداری قسـەکردنی ناڕاستەوخۆ، خوازە، ئایرۆنی، یاساکانی ڕێزگرتن و ...تد :Domaneschi , and Valentina, 2020 ). 420)

" زانینی پێکهاتەی ئەم دەربڕینە: 'دەتوانیت ئەو سـندوقە بەرز بکەیتەوە؟' سـودێکی کەمی هەیە ئەگەر نەتوانیت بڕیار بدەیت کە ئایا قسـەکەرەکە دەیەوێت بزانێت تۆ چەندە بەهێزیت (پرسـیارێک) یان دەیەوێت سندوقەکە بجوڵێنیت (داواکارییەک)، واتە ئەگەر توانستی پراگماتیکیت هەبێت زۆر بە خێرایی لەوە تێ دەگەیت کە ئەمە داواکاریە.

توانستی پراگماتیکی بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی تەواو و لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیی جیاوازدا.

ئەم جۆرە توانستە پەیوەندی بە زانینی قسەکەرەوە هەیە لەبارەی واقیعی دەوروبەری خۆی وەکو شێوازی هەڵسوکەوت و دروست بەکارهێنانی زمان لە جێگەی پێویست و بۆ مەبەستی جیاجیا. کاتێکیش ئەم ڕاستیانەی سەرەوە ڕەچاوبکرێن، ئەوا گوێگر لە نیاز و مەبەستی قسەکەر تێدەگات و کردەی پەیوەندیکردنەکە ئامانجی خۆی دەپێکێت و سەرکەوتو دەبێت.

.(Al-Sulaimaan, 2010 : 9 )

توانستی پراگماتیکی لەگەڵ پێگەیشتن و هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤ گەشەدەکات، منداڵ کە زمان وەردەگرێت، سەرەتا فێری واتای وشەکان و لایەنی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی زمانەکەی دەبێت، پاشان لەگەڵ گەورەبوون و هەڵکشانی تەمەنیدا، هەوڵی ئەوە دەدات، کە چۆن زمان لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیی جیاوازدا بەکاربهێنێت، بەپێی هەندێ توێژینەوە منداڵ لە تەمەنی چوار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی بەدواوە لە واتای خوازراو دەگات، هەروەها لە تەمەنی ( ٦ ـ ١٢ ) ساڵی لەو وتە و ڕستانە دەگات کە بۆ توانج و گاڵتەپێکردن بەکاردێن ( زوفري، ٢٠١٨: ١٣٩ ). بەپێی هەندێ توێژینەوەی دیکە منداڵ لە دوای تەمەنی شەش ساڵی دەتوانێت لە هەندێ لەو وتە و ڕستانە بگات، کە تێیدا قسەکەر مەبەستەکانی خۆی بەشێوەیەکی شاراوە ئاراستەدەکات، بۆنمونە منداڵ لەو تەمەنەدا توانای ئەوەی هەیە لێکەوتە پلەییەکان Scaler implicature هەڵبهێنجێت ( زوفري، ٢٠١٨: ١٧٧ )، چونکە هەڵهێنجانی ئەم جۆرە لێکەوتەیە پێویستی بە دەوروبەری گوتنەکە نییە، بەڵکو تەنها لەو وشانە هەڵدەهێنجرێت، کە بەکاردێن. لە لێکەوتە پلیکانەییەکاندا زنجیرەیەك وشە هەیە، بۆ نمونە: ( **هیچ، کەمێك، هەندێك، زۆربەی، هەموو** )، کە هەریەکەیان لە ڕووی زانیاری بەخشینەوە گوزارشت لە نرخێك دەکات، کاتێ کە قسەکەر وشەیەکیان هەڵدەبژێرێت، ئەوا بڕی ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە وشەکانی پێش خۆی دەیگەیەنن، بەڵام ئەوانەی دوای خۆی ناگرێتەوە ( Yule, 2000 : 41 )، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە لێکەوتەیە، ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە بە نمونە دەهێنینەوە، کە لە نێوان منداڵێک و باوکیدا ئەنجامدراوە:

**( ٨ ) أ - منداڵ: باوکە <u>هەموو</u> یارییەکانم بۆ ناکڕی؟**

**ب - باوک: <u>هەندێك لە یارییەکانت</u> بۆ دەکڕم.**

منداڵەکە لە وەڵامی باوکیدا، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (هەندێك)ەوە تێدەگات، کە هەموو یارییەکانی بۆ ناکڕێت.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمانپێدا لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و وەرگرتنی زانیاری و...تد، توانستی پراگماتیکی ئاخێوەر زیاتر گەشەدەکات. بۆ ئەوەی ئاخێوەران لەیەکتری بگەن دەبێت توانستی پراگماتیکییان گەشەی کردبێت. مرۆڤ بەهۆی توانستی پراگماتیکییەوە لە واتای پراگماتیکی و مەبەستی شاراوەی یەکتری دەگەن، بۆ نمونە با سەیری ئەم گفتوگۆیە بکەین:

**( ٩ ) أ - ئازاد: قاوەیەك ناخۆیتەوە؟**

**ب - نەوزاد: دەمەوێت بخەوم.**

نەوزاد بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئازادی داوەتەوە، ئازاد لە وەڵامی پرسیارەکە ناگات، ئەگەر کۆمەڵێك زانیاریی لەبارەی قاوەوە نەبێت، کە یەکێکە لە ورياکەرەوەکان و ئەگەر یەکێك پێش خەوتن بیخواتەوە، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر خەوتنەکەی و لەوانەیە درەنگ خەوی

لێبکەوێت. کەواتە لێکەوتەکەی ئەوەیە، کە قاوە ناخواتەوە. دیارە ئەم زانیارییانە لەناو توانستی پراگماتیکی گوێگر(ئازاد)دا هەیە، بۆیە لەم وەڵامە ناڕاستەوخۆیە گەیشتووە.

**١-٣-١. پێکهاتەی توانستی پراگماتیکی :**

توانستی پراگماتیکی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، بە بۆچونی هەندێ لە پراگماتیکناسەکان، پراگماتیك دەبێتە:

پراگماتیکی زمانەوانی Pragmalinguistics پراگماتیکی زمانەوانی گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدات، بەوەی کە ئاخێوەرانی زمان بۆ گەیاندنی مەبەستەکان و گەیاندنی واتای پراگماتیکی چ کەرەستە و ڕستەیەك هەڵدەبژێرن، وەک پێکهاتەی ئەو ڕستەیەی کە بۆ داواکردنە، یان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەی قسەییە... .

سۆسیۆپراگماتیک Sociopragmatics گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی زماندا دەدات ( هوانغ، یان ، ٢٠٢٠ : ٤٩١) .

توانستی سۆسیۆپراگماتیك پەیوەندی بە زانینی قسەکەرەوە هەیە لەبارەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیی خۆی وەکو شێوازی هەڵسوکەوت و دروست بەکارهێنانی زمان لە جێگەی پێویست و بۆ مەبەستی جیاجیا. توانستی سۆسیۆپراگماتیك بریتییە لە ڕادەی نواندنی واتا لە فۆرمێکی ئەوتۆدا کە گونجاوبێت لەگەڵ دەوروبەرە کۆزمانەوانیەکەیدا. ئەم جۆرە زانینە(درکیە) وادەکات، کە قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر ئەو فۆرمانەی زمانەکەیدا هەبێت، کە بۆ ناسینەوەی کردە قسەییەکان بەکاردەهێندرێن، وەك:

**(١٠) ببورە داوای لێبوردن دەکەم خەجاڵەتم شەرمەزارم**

هەروەها دەسەڵاتیشی هەبێت بەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی زمانەکە، وەك فەرمی بوون و نافەرمی بوونی زمانەکە، بۆنمونە:

| (١١) <u>**نافەرمی**</u> | <u>**فەرمی**</u> |
| --- | --- |
| **تۆ** | **جەنابت ، بەڕێزت** |
| **گوتت** | **فەرموت** |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| کردت | ئەنجامتدا |
|---|---|

بەکارهێنانی ئەم جۆرە گوزارشتانە پەیوەستن بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری و شێوازی قسەکردنی ئاخێوەر بەرانبەر بە گوێگر.

زمانەوانان باسی توانستێکی دیکەشیان کردووە، کە لە توانستی سۆسیۆپراگماتیك نزیکە، ئەویش توانستی کۆزمانەوانییە.

توانستی کۆزمانەوانی پەیوەندی بەو ڕێسا کولتووری و کۆزمانیانەوە هەیە، کە ڕادەی گونجاوی دیاریدەکات، کە لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. بۆ کارابوونی ئەم توانستە زانینی سەرجەم نەریت و ڕێسا کولتورییەکان لە دەوروبەرە چەسپاوەکاندا پێویستە. ئەم توانستە لەسەر دوو بنەمای پێکەوە گرێدراو بەندە:

١-گونجاوی/ دروستی واتا... .

٢-گونجاوی شێوەی ڕۆنان... . ( Al-Sulaimaan, 2010 :9 )

**١-٣-٢. توانستی زمانەوانی**

چەمکی توانســـتی زمانەوانی بۆ یەکەمجار لەلایەن چۆمســـکی بەکارهێنرا، ئەو جیاوازی لە نێوان توانا زمانەوانیەکانی مرۆڤەکان و توانای بەکارهێنانی زمانیان لە ژینگەی پراکتیکیدا (ئەدای کارکردن) کرد. یەکێک لە لایەنەکانی دەروونیمان کە بنەمای بەکارهێنانی زمانمانە، توانستی زمانیمانە. بە بڕوای ئەو، توانســـتی زمانەوانی بریتییە لە زانســـتی قســـەکەر و گوێگر ئایدیا لەبارەی زمانەکەی، و ئەمە ڕاســـتیەکی دەروونییە، کە بەرپرســـیارە لە هەموو ئەو لایەنانەی بەکارهێنانی زمان، کە دەتوانرێت وەک زمانەوانی' ئاماژەی پێ بکرێت.

توانســـتی زمانەوانی بریتییە لە ســـیســـتەمی زانینی نائاگا، کە مرۆڤ کاتێک زمانێک دەزانێت ئەم توانایەی هەیە، ئەم توانســـتە جیا دەکرێتەوە لە چالاکی، کە هەموو هۆکارەکانی تر لەخۆدەگرێت کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات زمانی خۆی لە پراکتیکدا بەکاربهێنێت. چۆمسـکی دەڵێت تەنیا لە ژێر دۆخێکی ئایدیلدا کە قسـەکەر/گوێگر کاریگەری بارودۆخە ناپەیوەندیدارەکانی ڕێزمانی وەک سـنووردارکردنی بیرەوەری و سـەرقاڵکردنی نەبێت، ئینجا ئەدای کارکردن ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ و بەتوانای دەبێت.

نمونەیەک لە قسەکردنی سروشتی کە پێکهاتووە لە چەندین دەستپێکی هەڵە و لادانەکانی تر، ئەو جۆرە توانستەبەدەر ناخات. بۆیە چۆمسکی بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان توانستی زمانەوانی و ئەدای کارکردندا بکرێت.

توانستی زمانەوانی لە زانستی زمانی درکپێکردندا بریتییە لە توانای بەکارهێنەرانی زمان بۆ بنیاتنان و تێگەیشتنێکی تەواو لە دەربڕینەکان بە ڕێگەی خودی زمان و سەرچاوەی زیادە وەک بیرەوەری، مەبەستدارێتی، زانینی گشتی. هەروەها توانستی زمانەوانی توانای دروستکردنی ئەبستراکت لەخۆدەگرێت، کە ڕێگەمان پێدەدات لە وشەکان بەتەنیاش تێبگەین.

لە زانستی زمانی درکپێکردندا فێربوونی زمان و بەکارهێنانی زمان هەردوو لەسەر ئەو ئەزموونانە وەستاون کە لە ڕێگەی تێگەیشتن و یادەوەرییەوە فلتەر دەکرێن. هەردوو سیستەمی هەستکردن و درکپێکردنمان پەیوەستن بە خودی زمانەوە. زمان لە قسەکەران و جیهان جیا ناکرێتەوە. شێوازی تێگەیشتن لە جیهان، شێوازی تێگەیشتنمانە و بەو پێیەش دەردەبڕینی خۆمان دەکەین. ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئێمە تەنیا بە یەک شێوە هەست بە جیهان بکەین. بە پێچەوانەوە ئێمە بە چەندین شێوازی جیاواز لە ئەزمونی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاوازدا لەجیهان تێدەگەین. وەک بەکارهێنەرانی زمان، دەتوانین دەربڕینە زمانەوانییەکان بەپێی ئەوەی کە چۆن هەستمان بە بارودۆخە جیاوازەکان دەکەین و چۆن دەمانەوێت کەسی بەرامبەر قسەکانمان لێکبداتەوە، لێکبدەینەوە. لێکدانەوە جیاوازەکان لە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی زماندا گرنگییەکی یەکلاکەرەوەیان هەیە سەرەڕای ئەوەی کە پێش هاتنی زمانەوانیی درکی لە ماوەیەکی زۆردا تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە(Paradis, 2003: 207).

## ١-٣.٣. توانستی پەیوەندیکردن ( Communicative Competence )

پەیوەندیکردن توانستێکە کە دەتوانرێت لەڕێگەی فێربوونەوە بەدەست بێت، وەک ئەوە وایە پاسکیل لێبخورین یان تایپ بکەین. کەسێک کە ئارەزووی ئالۆگۆڕکردن، یان هاوبەشکردنی بیرۆکەیەکمان لەگەڵیدا هەبێت، تەنها کاتێک لێمان تێدەگات، کە ئێمە چی دەڵێین و دەینووسین، هەوڵبدەین بە شێوەیەک بیگەیەنین کە کەسی بەرامبەر لێی تێبگات. بیرۆکەیەک بۆ خۆی ناتوانرێت تێیبگەین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت یان بە وشە یان بە نیشانە وهێما کۆد بکرێت. بیرۆکەیەک هەمیشە ئەبستراکت یان نابەرجەستەیە، و دەبێت لە ڕێگەی توانای ئێمەوە بۆ دەربڕینی بە شێوەیەکی کۆنکرێتی ژیانی پێبدرێت. ئەمە هەمیشە کارێکی ئاسان نییە و لە کردەی پەیوەندیکردندا چەندین توخم بەشدارن.

بەو پێیەی پەیوەندی گواستنەوەی زانیارییە لە نێردەرەوە بۆ وەرگر، پێویستە کاتێک پەیوەندییەکە ڕوودەدات لە پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە تێبگەین. پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەم توخم و چالاکیانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

نێردەر، بیرۆکەکە، بیرۆکەکە کۆد کراوە بۆ پەیامێک، پەیامەکە لە ڕێگەی کەناڵێکەوە دەڕوات، وەرگر پەیامەکە وەردەگرێت و پەیامەکە کۆد دەکاتەوە، و فیدباک دەدات.

پەیوەندیکردن ئەو پرۆسەیە کە بەهۆیەوە؛ زانیاری، بیرۆکە، بۆچوون، هەڵوێست، هەست، بیروباوەڕ و پەیامەکان دەگەیەنرێن، دەگوازرێنەوە، ئاڵوگۆڕ دەکرێن و هاوبەش دەکرێن (Sen, 2007: 12).

ئەگەر پەیامەکە بە ڕوونی و بێ دوو دڵی بگەیەنرێت، و لەلایەن وەرگرەوە بە هەمان شێوەی مەبەستی نێردەر وەرگیرا، ئەوا دەوترێت پەیوەندیکردنەکە کاریگەرە. ئەگەر پەیامەکە بە شێوەیەکی شێواو گەیشتە وەرگر، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرکەوتوو نەبوو لە دروستکردنی مانا، یان تێگەیشتن، پێویستە پەیوەندیکەر بزانێت کە پەیوەندییەکەی کاریگەر بووە بەربەستەکان . کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردن تەنها کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگرەکە لە نێرەر تێبگات. ئەو فیدباکە کە لەلایەن نێرەدەرەوە لە وەرگرەوە وەریدەگرێت، ڕێگە بە نێردەر دەدات بزانێت کە چۆن پەیامەکە لێکدراوەتەوە و ئەگەر پێویست بوو، ئایا دەرفەتێک هەیە بۆ دەستکاریکردنی پەیامی داهاتوو (Akilandeswari, 2015: 31).

چۆمسکی لە سەرەتادا زیاتر باسی توانستی ئاخێوەری لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا کردووە و کەمتر گرنگی بە بەکارهێنانی زمان داوە، واتە لایەنی بەکارهێنانی زمان و لایەنی کۆمەڵایەتیی زمانی تاڕادەیەك فەرامۆش کردووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن زمانەوانان و توێژەرانەوە لێی گیرا، چۆمسکی ناچاربوو بە تیۆرەکەیدا بچێتەوە و هەر خۆشی پێشنیازیی ئەوەی کرد، کە زاراوەی توانستی پراگماتیکی بۆ بەکارهێنانی زمان بەکاربێت ( Chomsky, 1980 : 225 ). زانای بواری

مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی (دێل هایمز) لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەبری زاراوەی توانستی ئاخێوەر، زاراوەی توانستی پەیوەندیکردنی بەکارهێناوە (Hymes, 1972 : 169 ).

توانستی پەیوەندیکردن(گەیاندن) بەکۆی ئەو زانیارییانە دەگوترێت کە قسەکەر هەیەتی سەبارەت بە سیستەمی زمانەکەی و ڕێساکانی بەکارهێنانی گونجاو و دروستی زمان لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە لە هەلومەرج و دەوروبەری ئاخاوتنی جیاجیادا. بەم پێیەش توانای قسەکەر زانین و شارەزایی دیکەشی لەپاڵ ڕێساکانی زمانەکەی پێویستە ( 9 : Al-Sulaimaan, 2010). توانستی پەیوەندیکردن، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، بۆیە دەبینین سەبارەت بە پێکهاتەکەی بۆچونی جیاواز هەیە، توێژەرانی بواری زمانەوانیی ئەرکی سەرەڕای توانستی زمانی و توانستی پراگماتیکی، باسی توانستی لۆجیکی و توانستی کۆمەڵایەتی و توانستی درکپێکردنیان کردووە، بە بۆچوونی ئێمە ئەم توانستانەش پەیوەندییان بە توانستی پراگماتیکییەوە هەیە و دەکرێت بە تەواوکەری توانستی پراگماتیکیان دابنێین، چونکە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی زمان و بە کردەی تێگەیشتنەوە هەیە ( Dik, 1989 : 3-4 ). لێرەدا بەکورتی باسی ئەم توانستانەش دەکەین و نمونەیان بۆ دەهێنینەوە:

### ١-٣-٤. توانستی لۆجیکی:

چەمکی توانستی لۆجیکی لە دەروونناسی درکیدا بەکاردەهێنرێت، هاوشێوەی چەمکی توانستی زمانەوانی کە لەلایەن نۆم چۆمسکیەوە ناسێندراوە ، بۆ ناونانی میکانیزمێکی درکی تایبەت کە توانای تەواوکردنی ئەرکە لۆجیکیەکان دەدات، بۆ نمونە ئەنجامدانی بەڵگە هێنانەوە بە زمانی سروشتی. بەگریمانەیەک کە عەقڵی مرۆڤ ئەم جۆرە میکانیزمەی بۆ دابین کراوە، ئێمە جیاوازی لە نێوان توانستی لۆجیکی چالاک و ناچالاک دەکەین، بەهەمان شێوە لە نێوان توانای هەڵسەنگاندن، لەسەر بنەمای پێشمەرجی دیاریکراو، دەرەنجامێکی دیاریکراو وەک دەرئەنجامێکی دروست یان هەڵە و توانای دروستکردن، لەسەر بنەمای پێشمەرجەکانی پێدراو، هەروەها ئەنجامێکی دروست Fraser, ( Bruce 2010).

بەپێی دەروونناسی لۆجیکی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو، لۆجیک وەک توانایەکی سروشتی دەروونناسی مرۆڤ سەیر دەکرا، لە ئەنجامدا، توانستی لۆجیکی وەک وەدیهێنانی زانینی لۆجیکی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە زگماکییەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا کرا. سەرەڕای ئەوەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو زانستی درکیدا بە شێوەیەکی ئەزموونی سەلمێندرا، کە بیرکردنەوەمان دوور نییە لە لایەنگری درکی و بە هەمان ڕادە بەڵگەهێنانەوەکەمان دوور نییە لە هەڵەی لۆجیکی. لێرەوە ناچار دەبین بە ئاگادارییەوە بیرکردنەوەمان پاک بکەینەوە لە ئەگەری شێواندن بۆ ئەوەی لە نۆرمەکانی لۆجیکی پەیڕەوی بکەین و بەو هۆیەوە توانستی لۆجیکی بەدی بهێنین (Schumann, 2021: 7). ئاخێوەرانی زمان بەهۆی ئەو توانستە لۆجیکییەی کە هەیانە، دەتوانن زانیاریی نوێ لە زانیاریی کۆن(پێشکەشکراو ) بەدەست بهێنن، بەهۆی هەڵهێنجانەوە، کە یاساکانی لۆجیکی هەڵهێنجان(الاستنباطي) و لۆجیکی ئەگەری(احتمالي) بڕیاری لەسەردەدەن( الشهري، ٢٠٠٤: ٥٧ ).

مەبەست لە هەڵهێنجانی لۆجیکی، هەڵهێنجانی باسێك (قەزیەیە)کە لە قەزیەیەکی دیکە. لۆجیکناسەکان چەند جۆرێکیان لە هەڵهێنجانی لۆجیکی دیاریکردووە:

١-هەڵهێنجانی ڕاستەوخۆ: بریتییە لەو کردە هۆشەکییەی کە هزر لە قەزیەیەکەوە بۆ قەزیەیەکی دیکە دەگوازێتەوە بێ ئەوەی قەزیەیەکی دیکە لەنێوانیاندا هەبێت. هەڵهێنجانی ڕاستەوخۆ دابەش دەبێت بۆ:

أ – پێوانەی هەڵهێنجان( استنباطي ).

ب – پێوانەی خوێندنەوە ( استقرائي ).

٢-هەڵهێنجانی ناڕاستەوخۆ: بریتییە لە هەڵهێنجانی قەزیەیەك لە قەزیەیەکی دیکە، بۆ هەڵهێنجانی واتای ڕستە و وتە زیاتر سود لە جۆری یەکەم وەردەگیرێت ( ألوود و الاخرون، ٢٠١٣: ٣٥).

لۆجیکناسەکان باسی چەند جۆرێکی دیکەی هەڵهێنجانی لۆجیکی کردووە:

**یەکەم:** ئەو هەڵهێنجانەی کە لە پرۆسەی هەڵهێنجانی لۆجیکی وێنەیی و نیمچە وێنەیی دەچێت. زمانی سروشتی دەتوانێت بۆ هەڵهێنجانی واتا سود لەم جۆرە لۆجیکە وەربگرێت، هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(١٢) ئازاد قەد سەردانم ناکات، ئەگەر ئیشێکی پێم نەبێت.**
**ئازاد دەیەوێ سەردانم بکات.**
**کەواتە ئازاد ئیشێکی پێمە(هەیە).**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لۆجیکی وێنەییدا دەکرێت پێشەکییەکان لاببرێن:

**( ١٣ ) ئازاد سەردانم دەکات، ئیشەکی پێمە(هەیە).**

لەم نمونەیەدا ئەو پێشەکی ئەنجامە لابراون، کە لە نمونەی (١٢) دا هاتوون.

نمونەیەکی دیکە بۆ پێوانەی نیمچە وێنەیی، کە پێشەکی و ئەنجامەکە لابراون:

**( ١٤) أ- گۆشتی بەراز ناخۆی؟**

**ب- من موسوڵمانم.**

شێوەی ( ١٤ – ب ) لەم وێنە لوجیکییەی خوارەوە هەڵبەستراوە:

موسوڵمانان بەشێوەیەکی گشتی گۆشتی بەراز ناخۆن، چونکە بەپێی ئایینی ئیسلام حەرامە.

**منیش موسوڵمانم.**

**کەواتە من گۆشتی بەراز ناخۆم.**

**دووەم:** ئەو هەڵهێنجانانەی کە لەسەر بنەمای لۆجیکی سروشتی ئەنجام دەدرێت، یەکێ لە تایبەتییەکانی ئەم جۆرە هەڵهێنجانە ئەوەیە کە لێڵی و ناڕوونییەکی پێوەدیارە، بۆیە ئەو هەڵهێنجانەی کە لۆجیکی سروشتی دەکەوێتەوە، هەڵهێنجانێکی ڕێژەییە و لە زۆر باردا دەکرێت ڕەتبکرێتەوە، هەروەکو لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**( ١٥ ) تۆ ئەمڕۆ دڵخۆشیت.**

هەڵهێنجانی واتای لۆجیکی لەم وتەیەدا ئەوەیە، کە ( ڕۆژانی دیکە وانەبوویت)، ( علوي، ٢٠١١: ١٨٢-١٨٧ ).

لەبەرئەوەی لەم نمونەیەی خوارەوەشدا پێشەکییەکەی لێڵە، بۆیە دەبینین ئەنجامەکەی ڕاست دەرناچێت:

**(١٦) لەبەرئەوەی من تۆم خۆش دەوێت، تۆش منت خۆش دەوێت.**

مەرج نییە ئەنجامەکەی ( تۆش منت خۆش دەوێت) ڕاست بێت ( کاترین و أوریکیون، ٢٠٠٨ : ٢٩١).

لە لۆجیکدا گرنگی بەوە نادرێت، کە ئایا ئەوەی گوتراوە لە واقیعدا ، ڕاستە، یان نا ، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە دەبێت ئەو ئەنجامەی کە لە پێشەکییەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، ڕاست بێت ( ألوود و الاخرون، ٢٠١٣: ٣٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم:** ئەو هەڵهێنجانانەی کە پشت بە لۆجیکی کارەکی دەبەستن، ئەم کردەیە بۆ چەند جۆرێك دابەشکراوە:

١-ئەو کردارانەی کە دەبێت لە ئەنجامەکانیاندا مەرج و بەڵگەی ماددی دەربکەوێت، بۆ ئەوەی وتەکە دروست بێت، قسەکەر لەشێوەی پێش گریمانە، پێشکەشی دەکات، بۆ نمونە:

**( ١٧)  لە پرا دەلال وێنەم گرت.**

واتە سەردانی زاخۆم کردووە.

٢-ئەو کردارانەی کە ئامانج لێی دەرخستنی ئەنجامە ماددیە پێویستەکانی وتەیە، بۆ نمونە:

**( ١٨)  نەمتوانی لەکاتی دیاریکراودا بگەمە شوێنی مەبەست.**

واتە گەیشتمە شوێنی دیاریکراو، بەڵام  هەندێک دواکەوتم.

٣- ئەو کردارانەی کە ئامانج تێیدا دەرخستنی مەرجی ماددی شیمانەییە(محتملە) بۆ ئەوەی وتەکە دروست بێت، بۆ نمونە:

**( ١٩ ) بە زوترین کات گەیشتمە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکە.**

واتە بەشێوەیەکی شیمانەیی:

- نزیکترین ڕێگام گرتەبەر.
- بە فرۆکە سەفەرم کرد.
- بە شەمەندەفەر سەفەرم کرد.  ( علوي، 2011  : 188).

تەنانەت هەندێك وشەشمان هەیە، واتای لۆجیکیان لێ هەڵدەهێنجرێت، وەك: ( کڕین ، فرۆشتن )، ( خوشك ، برا )،...:

**(٢٠) ئازاد برای نەسرینە.**

کەواتە: **نەسرینیش خوشکی ئازادە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١-٣-٥. توانستی کۆمەڵایەتی

توانستی کۆمەڵایەتی بە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر پێناسە دەکرێت، بە واتایەکی تر، توانستی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پێکەوەگرتنی باش لەگەڵ ئەوانی تر، توانای پێکهێنان و پاراستنی پەیوەندی نزیک، و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی گونجاو لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، توانستی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵێک توانای درکی ، پرۆسەی سۆزداری، کارامەیی ڕەفتار، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەها کەسی و کولتوورییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە نێوان کەسییەکانە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە، توانستی کۆمەڵایەتی وابەستەی تایبەتمەندییە گەشەسەندووەکانە، واتە چاوەڕوانییەکان بۆ توانستی کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەنی کەسەکە دەگۆڕێت، دۆخی کۆمەڵایەتی تایبەت ، واتە ڕەنگە مرۆڤەکان لە دۆخێکدا خاوەن توانای کۆمەڵایەتی بن، بەڵام لە دۆخێکیتردا نا، یان منداڵێک لەوانەیە لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ هاوبەشێکی لێهاتوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەتواناتر دەربکەوێت نەک لەگەڵ کەسێکی شەرمن، و تایبەتمەندییە کولتوورییەکان ،واتە کردەوە تایبەتەکانی توانستی کۆمەڵایەتی بە چاوەڕوانییە کولتوورییەکانەوە بەستراوەتەوە. درکپێکردن، هەست، کارامەیی ڕەفتار، بەها و هۆشیاری لە ڕەفتاری کارامەی کۆمەڵایەتیدا بە نزیکییەوە بەیەکەوە گرێدراون و لە ئەنجامدا پێناسەکردنی سەربەخۆ لە پێکهاتەکانی دیکە کارێکی ئاسان نییە و زۆرجار بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ یەکدی. بۆ نمونە چارەسەرکردنی ناکۆکی لەگەڵ هاوکارێک، یان هاوپۆلێک پێویستی بە توانستی درکی هەیە، کە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەکانەوە هەیە، هەروەها بەڕێوەبردنی سۆزداری هەست و بەها نەرێنییەکان کە پاڵپشتی هاوڕێیەتی و کاری ڕێزگرتن لە یەکتر دەکەن.

چەندین توانای درکی هەن کە گرنگن بۆ زیادکردنی توانستی کۆمەڵایەتی:

١- چارەسەرکردنی کێشەکان- دەستنیشانکردنی کێشەکە و ئامانجە چاوەڕوانکراوەکە، ڕۆشنایی خستنە سەر چارەسەرەکان، پێشبینیکردنی دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی کردارەکان، قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانی ڕەفتاری، هەڵبژاردنی چارەسەرێک و هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا چارەسەرەکە یارمەتیدەرە، یان نا بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢- تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان بیروباوەڕ و هەست و ڕەفتارەکان- ناسینی کاریگەری بیروباوەڕەکان لەسەر هەستەکان و هەستەکان لەسەر ڕەفتارەکان و دەستنیشانکردن و گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانەی کە دەبنە هۆی ئەنجامە نەخوازراوەکان.

٣- توانای جێبەجێکردنی ستراتیژی جۆراوجۆر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکی، وەک داوای لێبوردن، دوورکەوتنەوە یان پشتگوێخستنی دۆخەکان، و چارەسەرکردنی کێشەکان (Orpinas, 2010: 1623).

## بەشی دووەم

## ٢-کاراکردنی توانستەکان

### ٢-١. سەرەتا:

ئاخێوەرانی زمان ئەو زانیارییانەی کە هەیانە لەچەند بۆکسێکدا گەنجینەی دەکەن و لەکردەی پەیوەندیکردندا سودی لێ دەبینن. سیمۆن دیك پێنج خانە( بۆکس)ی دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە: خانەی زمانی، خانەی مەعریفی، خانەی لۆجیکی، خانەی درکپێکردن و خانەی کۆمەڵایەتی ( 3 : Dik ,1989 ). لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە توانستی مەعریفی و توانستی درکپێکردن زۆر لەیەک نزیکن و هەندێک جار زاراوەکان لەجیاتی یەکتری بەکاردەهێندرێن. دیک ئەم پێنج خانەی بۆ دوو جۆر پۆلینکردووە، کە بریتین لە:

١ – خانەی ئامرازەکان: کە خانەی ڕێزمانی و خانەی لۆجیکی لەخۆدەگرێت.

٢ – خانەی گەنجینەکان: کە هەر سێ خانەی مەعریفی و درکپێکردن و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە( الشهري، ٢٠٠٤ : ٥٨ )، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پۆلینکردنە کێشەی تێدەکەوێت، بۆ نمونە خانەی زمانی بە ئامراز دانراوە، بەڵام دەکرێت بە گەنجینەش دابنرێت، چونکە دانە زمانییەکان هەڵگری واتای جیاجیان.

هەرچەندە لە کردەی پەیوەندیکردندا توانستی زمانی سەرەکییە، بەڵام بەبێ توانستەکانی دیکە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی وەکو پێویست ببینێت و کردەی پەیوەندیکردنیش سەرکەوتوبێت، هەروەها لە کردەی پەیوەندیکردندا هەموو توانستەکان وەکو یەك گرنگ نین و ڕۆڵ نابینن. دیك پێیوایە، هەرسێ توانستی زمانی و مەعریفی و لۆجیکی لە هەردو توانستی درکپێکردن و کۆمەڵایەتی گرنگترن. هەروەها سەبارەت بە کارلێك و بەیەکەوە هاتنی توانستەکانیش، دیك پێیوایە کارلێکی نێوان هەردو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانستی ڕێزمانی و مەعریفی لە کارلێکی نێوان توانستەکانی دیکە گرنگترە، چونکە ڕستە و گوتنەکان دەبێت هەڵگری زانیاری بن، دیارە زانیاریش بەپلەی یەکەم دەبێت لە خانەی مەعریفیوە وەربگیرێت، ئینجا کارلێکی نێوان هەردو توانستی مەعریفی و لۆجیکی بە پلەی دووەم دێت، پاشان کارلێکی نێوان توانستەکانی دیکە دێت.

لەم بەشەدا وەکو بەشێکی پراکتیکی هەندێ نمونە دەهێنینەوە و لەبارەیانەوە دەدوێین بۆ ئەوەی بزانین قسەکەر چۆن توانست و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ و لەگەڵ یەکتری بەکاریان دەهێنێت.

**٢ – ٢. بەیەکەوە هاتن و کارلێکی نێوان توانستەکان:**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمانپێدا کارلێکی نێوان توانستی ڕێزمانی و مەعریفی زۆر گرنگە، چونکە هەر ڕستە و گوتەیەك، کە بەرهەم دەهێندرێت، دەبێ هەڵگری زانیاریی بێت، ئەو زانیاریانەش زیاتر توانستی مەعریفی دابینی دەکات، بۆیە بۆ هەموو ئەو نمونانەی کە دەیانهێنینەوە، دەبێت کارلێکی ئەم دوو توانستەی تێدابێت، ئینجا ئەم دوو توانستە لەگەڵ توانستەکانی دیکە کارلێك دەکەن. سەرەتا بۆ بەیەکەوە هاتن و کارلێکی نێوان توانستی ڕێزمانی و توانستی مەعریفی ئەم گفتوگۆیە بە نمونە دەهێنینەوە:

**(٢١) أ- ئازاد: ئەرێ خانووەکەت هەر تەواونەکرد؟**

**ب- شێرزاد: وا خەریکی ماڵ دانانم.**

لە ڕستەی(٢١- أ)دا، ئازاد سەبارەت بە تەواوکردنی خانووەکەی، پرسیاری لە شێرزاد کردووە، ئەگەر وایدابنێین، کە بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیە و ڕاڤەکردنی پێویستی بە کارلێکی نێوان هەردو توانستی ڕێزمانی و دمەعریفی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

توانستی مەعریفی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە شێرزاد ماوەیەکی زۆرە خەریکی بونیادنانی خانووە و زۆری نەماوە خانووەکەی تەواوبکات. توانستی ڕێزمانیش سودی لەم زانیارییانە وەرگرتووە، کە خانەی مەعریفی دابینی کردووە و بەپێی یاسا و بەچەند هەنگاوێك ڕستەکە بەرهەمهاتووە. بێگومان خانەکانی دیکەش لەم گفتوگۆیەدا ڕۆڵیان هەیە. ئازاد لە (٢١- ب) دا ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجێت، کە مادام شێرزاد خەریکی ماڵدانانە، ئەوا دەبێ خانووەکەشی تەواوکردبێت.

**(٢٢)أ- نەسرین: ئەرێ شیرین شوی هەر نەکرد؟**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- پەروین: حەفتەی ڕابردو کچەکەی بوو بە ساڵێك.**

وایدادەنێین کە شرۆڤەکردن و تێگەیشتن لە (٢٢- أ) و بەرهەمهێنانی (٢٢- ب) پێویستی بەوەیە، کە سەرەڕای توانستی ڕێزمانی و مەعریفی پێویستی بە توانستی لۆجیکیش هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

توانستی لۆجیکی: نەسرین لە وەڵامی پەرویندا، ئەم زانیارییانەی خوارەوە هەڵدەهێنجێت:

- شیرین شوی کردووە
- شیرین کچێکی هەیە.
- تەمەنی کچەکەی شیرین ساڵێکە.
- ماوەی دوگیانی ئاسایی نزیکەی نۆ مانگە.
- کەواتە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت شیرین شوی کردووە.

خانەی مەعریفیش خۆی لە زانیاریی گشتی دەبینێتەوە، وەك ئەوەی کە هاوسەرگیریی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەنێوان هەردو ڕەگەزدا ئەنجام دەدرێت... .

بە سودوەرگرتن لە هەموو ئەو زانیارییانەی کە لە هەردو خانەی مەعریفی و لۆجیکی بەدەست هاتون، هەردو ڕستەی (٢٢-أ) و ( ٢٢- ب) بەپێی مەرجە ڕێزمانی و پراگماتیکییەکان، بەرهەمهاتون.

**(٢٣)أ- ئازاد: زۆر پێویستیم بە پارە هەبوو، بەڵام لەڕووم نەهات داوا لە جەنابتان بکەم.**

**ب- شێرزاد: ئەگەر داوات لە من بکردایە، داوایەکەتم جێبەجێ دەکرد.**

وایدادەنێین، کە بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە (٢٣- أ) و (٢٣- ب) پێویستی بەوە هەیە، کە چوارخانە کارلێك بکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

خانەی ڕێزمانی بۆ وەرگرتنی زانیاری پشت بە خانەی مەعریفی دەبەستێت، وەك ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هاوکاریی یەکتر دەکەن و لەحاڵەتی پێویستیشدا دەکرێ داوای پارە لەیەکتری بکەن... .

توانستی ڕێزمانی سودی لە خانەی کۆمەڵایەتیش وەرگرتووە، لە دیاریکردنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر، ئەمەش زیاتر بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (جەنابتان) لە (٢٣- أ)دا دەردەکەوێ، کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی گوێگر(شێرزاد) لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەربەرزترە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی توانستی لۆجیکیشەوە، ئازاد لە مەبەستی شێرزاد گەیشتووە، کە ئامادەبووە پارەی بداتێ.

**(٢٤) أ- مامۆستا: ئایا ڕاگر لە ئۆفیسەکەی خۆیەتی؟**

**ب- فەرمانبەر: ئەمە ئۆتۆمبیلەکەیەتی.**

لە ڕستەی (٢٤- أ)دا، دەردەکەوێ کە مامۆستا پرسیاری لە فەرمانبەرەکە کردووە، سەبارەت بەوەی کە ئایا ڕاگری کۆلێژ لە ئۆفیسەکەی خۆیەتی، یان نا؟ لە (٢٤- ب)دا، فەرمانبەرەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی مامۆستاکەی داوەتەوە

ئەگەر وایدابنێین، کە بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لەم پرسیار و وەڵامە پێویستی بە کارلێکی چوار خانە هەیە، بەم شێوەیە:

لە بەرهەمهێنانی (٢٤- أ)دا، توانستی ڕێزمانی سودی لە زانیارییەکانی خانەی مەعریفی وەرگرتووە، وەك ئەوەی کە ڕاگری کۆلێژ ئۆفیسی تایبەت بەخۆی هەیە و لە ئۆفیسەکەیدا کاروباری کۆلیژەکە ڕایی دەکات و چاوی بە مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران دەکەوێت.

بۆ تێگەیشتن لە (٢٤- ب) سەرای توانستی ڕێزمانی و مەعریفی پێویستیمان بە دوو خانەی دیکەش هەیە، ئەویش خانەی درکپێکردن و لۆجیکییە. بەهۆی خانەی درکپێکردنەوە بەتایبەتی بەهۆی جێناوی ئاماژەی (ئەمە) و جوڵەی دەست ئاماژە بۆ ئۆتۆمبیلی ڕاگر دەکرێت.

هەروەها مامۆستاکە بەهۆی توانستی لۆجیکییەوە لە (٢٤- ب)دا، ئەم ئەنجامە هەڵدەهێنجێت :

- ڕاگر لە ئۆفیسەکەیەتی، دیارە ئەم ئەنجامەش بەچەند قۆناغێك بەدەستدێت:
- ڕاگر ئۆتۆمبیلی تایبەت بەخۆی هەیە.
- ڕاگر بەبێ ئۆتۆمبیل نایەتە کۆلێژ.
- ئۆتۆمبیلی ڕاگر لە گەراجی کۆلێژە.
- کەواتە ڕاگر لە ئۆفیسەکەیەتی... .

توانستی ڕێزمانی سودی لە زانیاریی ناو هەمو خانەکان وەرگرتووە و ڕستەی (٢٤ - أ) و (٢٤ - ب) بەرهەمهاتووە... .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ڕوونکردنەوەی کارلێکی نێوان توانستی ڕێزمانی و خانەی مەعریفی لەگەڵ توانستی لۆجیکی و خانەی درکپێکردن، ئەم گفتوگۆیەی نێوان هاوڵاتییەك و شۆفێرێك بە نمونە دەهێنینەوە، کە سەبارەت بە خراپی ڕێگاوبانەکان، ئەنجامیانداوە:

**(٢٥) أ- هاوڵاتی: سەرنج بدە، ئەگەر لەم چاڵە ئاگادارم نەکردبایتەوە، چی ڕویدەدا؟**

**ب- شوفێر: ئەگەر ئاگادارت نەکردبامایەوە، ئەوا یان دەکەوتینە ناو چاڵەکەوە، یان ئۆتۆمبیلەکەمان وەردەگەڕا.**

لە (٢٥- أ)دا، قسەکەر پرسیاری ئەوەی لە گوێگر(شوفێرەکە) کردووە، ئەگەر لە بوونی ئەو چاڵە ئاگاداری نەکردبایەوە، چی ڕوویدەدا؟ لە (٢٥ ب)دا، شوفێرەکە درکی بەوە کردووە و لە هزری خۆیدا ئەو واقیعەی بونیادناوە، ئەگەر لەو چاڵە ئاگادار نەکرابایەوە، ئەوا توشی ڕوداوی نەخوازراوی وەك کەوتنە ناو چاڵەکە، یان وەرگەڕان دەبوون.

توانستی ڕێزمانی لە وەرگرتنی زانیاری پشتی بە خانەی مەعریفی بەستووە، وەك ئەوەی کە زۆربەی ڕێگاوبانەکانی هەرێم خراپن، بوونی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، پابەندنەبوونی شوفێر بەو یاسا و ڕێنماییانە ڕوداوی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، هەروەها توانستی ڕێزمانی سودی لە یاساکانی هەڵهێنجانی لوجیکی وەرگرتووە، بەوەی کە لە پێشەکییەکانی پرسیارەکە ئەنجام هەڵهێنجێنراوە. بەسود وەرگرتن لە زانیاریی ناو هەمو خانەکان و بەپێی مەرجە ڕێزمانی و پراگماتیکییەکان، وتەی (٢٥- أ) و (٢٥- ب) بەرهەمهاتووە.

## ئەنجام

ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

1. لەهەر کردەیەکی پەیوەنیکردنی زمانیدا، کە لەنێوان ئاخێوەرانی زماندا ڕودەدات، سەرەڕای توانستی زمانی پێویستی بە توانای دیکەش هەیە، وەکو توانستی پراگماتیکی و توانستی مەعریفی و توانستی لۆجیکی و توانستی درکپێکردن و توانستی کۆمەڵایەتی، ئەم توانستانە لە ناو هزردا ڕێکدەخرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. ئەو زانیارییانەی کە ئاخێوەرانی زمان لە کردەی پەیوەندیکردندا دەیگەیەنن، بەم شێوەیە ڕێکخراون، زانیارییەکان پێشتر لای قسەکەر گەنجکراون و بەدەستدەهێنرێنەوە، ئینجا ئاراستەی گوێگر دەکرێن، کردەکەش لای گوێگر دووبارە دەبێتەوە و بە کۆد دەکرێن و شیدەکرێنەوە، ئینجا گەنج دەکرێن.
3. هەر خانەیەک ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، خانەکانی مەعریفی و درککردن و کۆمەڵایەتی ئەرکی گەنجینەکردنی زانیاری دەبینن، خانەی ڕێزمانی و لۆجیکیش زیاتر وەکو ئامراز ڕۆڵ دەبینن.
4. لە کردەی پەیوەنیکردندا هەمو توانستەکان وەکو یەک گرنگ نین، بۆ نمونە توانستی زمانی و مەعریفی لە توانستەکانی دیکە گرنگترن، هەروەها لە کارلێکی نێوان توانستەکانیشدا، کارلێکی نێوان توانستی زمانی و توانستی مەعریفی لە کارلێکی نێوان توانستەکانی دیکە گرنگترە.
5. لەبەر ئەوەی سروشتی ڕێکخراوەیی زمانەکان و سروشتی ئاوەزیی مرۆڤ زۆر لێک نزیکە، بۆیە لەپراکتیزەکردنی لایەنی تیۆری بابەتەکە لەسەر زمانی کوردی هیچ ئاستەنگ و گرفتێك بەدی نەکرا.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی:

1. غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٦)درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. قادر، کاروان عومەر(٢٠١٢)سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٤)، بەشی B.

### بە زمانی عەرەبی:

1. قورئانی پیرۆز.
2. ألوود ، أندرسون، دال - ينس ، لارس ، أوستن(2013)المنطق في اللسانيات، ترجمة عبدالمجيد جحفة، دار الكتاب الجديد، بنغازي.
3. بدوح، حسن(2012) المحاورة – مقاربة تداولية، عالم الكتب الحديث، اربد، الأردن.
4. زوفري، ساندرين(2018)اكتساب التداولية من منظور معرفي و اجتماعي، ترجمة سعد بن محمد القحطاني، جامعة الملك سعود.
5. كيربرات ، اوريكيوني – كاترين(2008)المضمر، ترجمة ريتا خاطر، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
6. الشهري، عبدالهادي بن ظافر(2004)استراتيجيات الخطاب- مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. علوي، حافظ اسماعيلي(2011)التداوليات-علم استعمال اللغة، عالم الكتب الحديث، اربد.
8. هوانغ، يان(٢٠٢٠) معجم أكسفورد للتداولية، ترجمة وتقديم هشام ابراهم عبدالله الخليفه، دار الكتاب الجديد، بنغازى.

### بەزمانی ئینگلیزی:

1. Al-Sulaimaan.Misbah Mahmood Dawood(2010) SEMANTICS AND PRAGMATICS, University of Mosul, Mosul.
2. Chomsky, N (1965) *Aspects of the Theory of Syntax.* Cambridge: THE M.LT. PRES.
3. Chomsky,N(1980)Rules and Represntions, Oxford: Basil Blackwell.
4. Hymes, D. (1972) On Communicative Competence. In J. Pride, & a. Holmes, *Sociolinguistics.Selected Readings* (:269-293). Harmondsworth: Penguin.
5. S.H. Assubayii(1995) Ibn Khalduun And Not Chomsky: The True Orignator Of The
6. Theory Of Language Faculy, مجلة جامعة ام القرى، السنة الثامنة، العدد العاشر، مكة المكرمة.
7. Dik,S(1989)The theory of Functional Grammer part 1: the structure of the clause Dordrecht, Foris.
8. Domaneschi, Filippo, and Valentina Bambini.( 2020 ) "Pragmatic competence." In The Routledge handbook of philosophy of skill and expertise, pp. 419-430. Routledge,
9. Fraser, Bruce. (2010) "Pragmatic competence: The case of hedging." New approaches to hedging 1534.
10. https://marcinmilkowski.pl/wp-content/uploads/2010/01/logical-competence.pdf
11. https://pgsd.binus.ac.id/2019/12/27/pragmatic-competence-as-a-key-factor-in-successful-language-communication/
12. https://www.researchgate.net/publication/236898214_Cognitive_Reference_Points_Semantics_Beyond_the_Prototypes_in_Adjectives_of_Space_and_Colour
13. https://www.thoughtco.com/pragmatic-competence-1691653
14. Langacker, Ronald W(2008) "Cognitive grammar." Basic Readings.
15. Orpinas, P.( 2010) Social competence. The corsini encyclopaedia of psychology.
16. Paradis, C., (2003) Is the notion of linguistic competence relevant in Cognitive Linguistics. Annual Review of Cognitive Linguistics, 1(1), pp.207-231.
17. Schumann, A.(2021) Towards the Definition of Logical Competence. Cogency, 13(2), pp.7-40.
18. Sen, L.( 2007) Communication skills. PHI Learning Pvt. Ltd..
19. Xu, Wen, and John R. Taylor, eds( 2021 ) The Routledge handbook of cognitive linguistics. Routledge.
20. Yule,G . (2000) Pragmatics, Oxford : Oxford University Press .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Various Cognitive Linguistic Abilities - Concepts, Structures and their Activation

**Dr. Omer Mahmood Karim**
Department of Kurdish Language, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
Email: omar.mahmood@koyauniversity.org

**Dr. Bnar Abduljabbar Jamil**
Department of Kurdish Language, College of Education, Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Bnarjabar33@gmail.com

***Keywords:*** *Competence, Performance, Communicative Competence, Pragmatic Competence, Cognative Comptence*

## Abstract

This research, entitled (Various Cognitive Linguistic Abilities - Concepts, Structures and their Activation), consists of an introduction and two sections, in the theoretical section, a set of concepts and topics were clarified, such as: the concept of competence and cognitive linguistic abilities, and this has been divided into two branches: 1- Basic abilities, which include both cognitive abilities and pragmatic abilities.2- Communication abilities.

In the second section we have two subsections, one is practical in which, it was mentioned how to participate and interact between competence and cognitive abilities. Many examples are provided and at the end of the research the results and the list of references are presented.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

هذا البحث الموسوم بعنوان(القدرات اللسانية الإدراكية المتنوعة - المفاهيم والتراكيب و تفعيلها)، يتكون من مقدمة وفصلين، في الفصل الأول التمهيدي تم توضيح مجموعة من المفاهيم والمواضيع، مثل: مفهوم القدرة والقدرات اللسانية الإدراكية، وقد تم تقسيم ذلك على فرعين:1- القدرات الأساسية التي تتضمن كلاً من القدرات الادراكية والقدرات البراكماتيكية.2- قدرات الاتصال.

وقد تم في الفصل الثاني العملي ذكر كيفية المشاركة والتفاعل بين القدرة والقدرات مع إيراد أمثلة عليها، وقد تم في خاتمة البحث عرض النتائج وقائمة المصادر والمراجع.